# چەمچەماڵ و خۆپیشاندان



عومەر جەلال
چەمچەماڵ
omargalal2004@yahoo.com

هەرگیزاو هەرگیز نەگەیشتومەتە ئەو بڕوایەی بتوانم پێناسەی دەسەلاّتی کوردی بە دەسەلاّتی تۆتالیتاری بەعسیزم پێناسە بکەم ,ئەفسوس پاش ئەو خۆپیشاندانەی کە چەمچەماڵی گرتەوە و پێشتر چەند شارۆچکەیەی دی گرتبووەوە ,کەبووە هۆی بریندار‌بوونی چەند هاولاّتیەك هەمیشە وێنەکانی سەردەمی بەعسیزم بە یاد دەهاتەوە کە سەدان ئاسایشی سلێمانی بەشێوازێکی نامرۆڤانە هەموو شەقام و گەڕەکەکانی چەمچەماڵیان کۆنترۆڵ کردبوو منداڵە بێ نازەکانی چەمچەماڵ ببونە ژێر ڕەحمی دار و چەکەکانی ئاسیشەوە کەتەواو ئەو ڕۆژە بازار داخراو ئاڵۆزیەکی چاوەڕوانەنەکراو ڕووی دا ,کە بووە هۆی تێکچرژانی خەڵکی چەمچەماڵ و ئاسایش ,تا ئێرەش ئاساییە ,ئەو ڕەفتارە ی کە لەتەك خەڵکی چەمچەماڵدەکرا تەواو کۆپیەکی مامەڵەکردنی بەعس بوو .

دەسەلاّت لە هەموو کەس باشتر دەزانێت چەمچەماڵ یەکێکە لەو شارۆچکە بێنازانەی کە تا هەنووکە بە پێی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە,چەمچەماڵ هەرچەندە چەندە سالێك بەر لە ئێستا هێڵی سنووری بەعس و دەسەلاّتی کوردی بوو کە جودا لە هەموو شار وشارۆچکەکانی کوردستان زیاتر توشی کارەساتی بووە ,چ لە ئەنفال کە زۆرترین خەڵکی ئەم دەڤەرە بوونە قوربانی ئەم دەسەلاّتە چ جای ئەوەی لە شەڕی ناوخۆدا چەمەچماڵ زۆرترین بەشی شێری بەرکەوتووە و خاوەنی هەزاران شەهیدەبووە بەتەنیا شەڕی ناوخۆ بەهەموو حیزبەکانەوە کە لە چەمچەماڵەوە سەری هەڵدەدا و ڕژێمی بەعسیش تا بەر لە ڕووخانی بە ئارەزووی خۆی بۆردوومانی خەڵکی ئەم شارۆچکەیە ی کردووە ,ئەمە لە کاتێکدا کە کە چەمچەماڵ بەوە ناسراوە لە خەبات و ماڵوێرانیدا لە پێشی پێشەوە بووە و لە خزمەت گوزاریدا لە دوایی هەموو شارەکانەوە بووە ,ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە چەمچەماڵ شایانی زۆر لەوە زیاتربووە کە دبوایە بۆی بکرایە هەر لەنەبوونی سەنتەری گەنجان و کۆلێژ و چەندان پێداویستی دی کە دەسەلاّت تا هەنووکە فەرامۆشی کردووە و خۆی بە خاوەنی نەزانیوە,خۆپیشاندان لە چەمچەماڵ لە ساتێکدا دەستپێیکرد کە خەڵکی ئەم شارە وەك هەموو شارەکانی دی لە قەیرانی سوتەمەنی و ئاو کارەبا خۆی دەبینیەوە,هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کەی لەوە تێدەگەن وەلاّم دانەوەی هاولاّتیان بە و شێوە هەڵەیە نابێت کە خوێن ڕشتنی تێدابێت و گرنگە کە هێزەکانی ئاسایش ڕێگا بە هاوولاّتیان بدەن بە شێوەیەکی مەدەنیانە گوزارشت لە داخوازیەکانیان بکات,کە ئەمە مافێکی سادەی هاولاّتیانە.

باشتر وایە دەسەلاّت بە شێوەیەکی سیستماتیك گوێ لە داخوازیەکانی هاولاّتیان بگرێت و بە دەم داخوازیاکانیەوە بێت ,وەلێ دەسەلاّت ئەگەرخاوەن ئەم شێوە مامەڵەیەی ئێستا بێت ئەوا ئەگەری هەیە خۆپیشاندان درێژە بکێشێت بۆ شارو شارۆچکەکانی دی ئەوەی لەچەمچەماڵ ڕووی دا کە خودی خۆم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ناو ئاڵۆزیەکاندابووم هیچی دی کەم نەبوو لە و خۆپیشاندانەی کە لە کەلار و هەڵەبجە ڕووی دا ,هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی خوازیارە ئەم شێوە توندو تیژیە دووبارە نەبێتەوە کە زیانێکی گەورەی دەبێت لە هەستی نەتەوەیمان و ئەم ئاڵۆزیەی کە هەنووکە لای خەڵکی بووەتە کارێکی سادە .

لەم بارووداخەدا کە کۆمەڵگەی کوردی توشی شۆکێکی گەورە هاتووە کە ڕۆژبە ڕۆژ کێشەکانی تاکی کوردی ڕوو لە زیاد بوون دەکەن

و خۆپیشاندان بووەتە خویەك كە هەر لە مامۆستا و ئەندازیارو تەنانەت كەم ئەندامەكانیش هەست بەم كەم تەرخەمیە دەكەن و پەنا دەبەنە خۆپیشاندان و بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتەی كە نووقمی گەندەڵی و خودژیەن بووە بە ئاگا بێننەوە, دەسەڵاتیش هەمیشە نەیتوانیوە لە ئاست داخوازیەكانی هاوڵاتیان دابێت و هەتا تێكچرژان درووست نەبێت ناتوانێت دیالۆك لەسەر كێشەكان بكات كە ئەمیش بەهەڵیەكی گەورە كۆتایی دێ لە پاشاندا دەسەڵات دەبێت خۆی داوای لێبووردن بكات وبە دوای چارەسەردا بگەرێت ,خوازیارم ئەمە دواین خۆپیشاندان بێت بە م كارەسەتە دڵتەزێنەكۆتای هات و دووبارە نەبێتەوە كەرەنگە ئەمەهێندەی دەكەوێتە ئەستۆی دەسەلات نیو هێندە لە ئەستۆی هاولاتیدا نابێت